# چەپەکانی ئێراق وئیسلامی سیاسی ... جەمال فەتاح



هەر لەدوای ڕوووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام وبەعس لەئێراقدا ئیسلامی سیاسی لەجیهانی ئیسلامدا بەگشتی ولەجیهانی عەرەبیدا بەتایبەتی بەشی سونە نشینی ئێراق وناوەڕاستی ئێراقیان کردە شەڕگەی خۆیان وهێزەکانی ئەمریکاوهێزەهاوپەیمانەکانی دیکەی. ئەمەش لەبەر ئەم هۆکارانە، یەکەم دەوڵەتە عەرەبیەکان سەرجەم دەوڵەتی ستەمکارو دیکتاتۆرن، بۆیە ڕوخانی ڕژێمی بەعس و سەدامیان لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە بەمەترسیەکی ڕاستەو خۆزانی بۆسەر خۆیان. دووەم شەڕی عەرەبو ئیسرائیل کە لەسالیَ 1948 وەبەردەوامەو لەسەرەتای نەوەدەکانەوە حەماسو باڵی ئیسلامی توند ڕەو پێی هەڵئەسن لەهەمووکاتێکدا ئیسرائیل یان بە هنگاوێکی ئەمریکاو نوێنەری ئەمریکا زانیووە لەناوچەکەدا. سێیەم ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامی توند ڕەوی ئەفگانستان ورژێمی دیکتاتۆری سەدامیان بە زیانی گەورەی نەتەوەی عەرەب ژمارد، بۆیە باڵی کۆنەپەرستی عەرەبی وباڵی شۆڤێنیستی عەرەب کەدووباڵی بەرژەوازی دەمار گیری عەرەبین بەهاوکاری ڕیکخراوی تیرۆریستی القاعیدە هانی باڵی ئیسلامیە توند ڕەوەکانیاندا وڕایان سپاردن بۆئەو جەنگە کەجەنگی شۆڤێنیستی وکۆنەپەرستی عەرەبە لەدژی ئەمریکاو هێزەهاوپەیمانەکانی. ئیتر ئەوە زیاتر لەسێ ساڵە ئەوجەنگە بەردەوامەوزۆربەی هەرەزۆری قوربانییەکانی ئەوجەنگەش خەڵکی سڤیل و بێتاوانی ئێراقن لەژن ومنداڵ وپیرو لاوانی بەشمەینەتی ئێراق.

کۆمەنیستو چەپە کانی کوردستانیش لەڕاگەیاندن وبڵاوکراوەو نوسینەکانیاندا ئەیانەوێت کوردستان بکەنە مەیدانی ململانێی ناڕەوای جەنگی ئیسلام وکۆمەنستەکان، یان هیچ نەبێت مافەڕەوا نەتەوەییەکانی کورد ئەگەر بۆیان بکرێت بکەن بەقوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان وئەو ململانێ ی نێوان خۆیان وئاینی ئیسلام.

ئەوە بوو بۆدەنگدانی دەستوورەکە کۆمەنیستەکانی ئێراق بەیان نامەیەکیان بڵاو کردەوە بۆلایەنگرانی خۆیان کەدژی ئەو دەستورەبە نا دەنگ بدەن، ئەویش خاڵی سەرەکیەکەیان بۆئەودەنگ نەدانە لەبەر ئەوەی ئیسلام کراوەتە ئاینی ڕەسمی دەوڵەتی ئێراق. ناوبەناویش هندێک لە چەپەکان وتار لەسایتەکان بڵاو ئەکەنەوە دژی لایەنە نەتەوەییەکانی کوردستان وئەوپارتو لایەن وسەرکردانەی کەدەیان ساڵە بوونەتە قەڵغان لەبەردەمی دوژمنانداو بەرگری لەنەتەوەکەمان ئەکەن وڕێبازی ئەوپێشمەرگانەی کەقارەمانانە بۆدەیان ساڵ ڕۆژانە بەرسینگی دوژمنان وداگیر کەرانیان ئەگرت لەپێناوی مافی ڕەوای نەتەوەکەماندا وقوربانیان ئەدا لەوپێناوانەدا. هەڵبەت سەردەمەکانی خەباتی شاخ کەشۆڕشی گەلەکەمان بەقۆناخێکی زۆرسەختو دژواردا تێئەپەڕێ جگەلەلایەنە نەتەوەییەکان وباڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کەس نەبوو بوێرێت خۆی لەو قۆناخە سەختو دژوارەبدات، بەڵام ئێستا کە شەقام پان وفراوانە چەندین لایە نۆکە پەیدا بوون وبەخەیاڵیش بێت ئەیانەوێت لەلایەک شۆڕش ولایەنە نەتەوەییە شۆڕش گێڕەکان لەکەدار بکەن. بۆنمونە سەیری ئەم چەند دێڕەبکەن کە برادەرێک بەناوی حمەسەعید کەریم لەبن ناونیشانی (دەستورو هەڵوێستی چینی کرێکار) دا نوسیو یەتی

ولەکوردستان نێت دا بڵاوی کردووە تەووئەنوسێت. قبوڵ کەرانی دەستور وئەساس نامەکەی ئەوان کەگرێ بەستی نێوان ناسیۆنالیستەکان و مەزهەب گەرایی شێعەو سوننەو کۆنەبەعسیەکان و تایفەو عەشیرەتە عەرەبەکانی عێراقن. کاکی نوسەر لەسەری ئەڕواو ئەنوسێت، ئەمانە ئەوانەن کەپارێزەری بەرژەوەندی کۆنەپەرستانەی چینی سەرمایەو بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی ئەنگلۆ-ئەمریکین، سادەترین مافە دیموکراتیەکان لەناو فەرهەنگی ئەمانەدا قابیلی قبوڵ نیە، .

لەڕەوانگەی ڕاستی ڕووداوەکانەوە وەڵامی خاڵ بەخاڵی ئەونوسینە بدەمەوە، سەرەتا نوسینەکەی ئەم برادرە بەناوی چینی کرێکاری کوردستانەوە ئەدوێت، لێرەدا کۆمەڵێک پرسیار خۆی بەسەر ئەو باسەدا ئەسەپێنێت کەپێم باشە منیش لەکاک حمەسەعیدکەریمی بکەم. یەکەم ئایا چینی کرێکار بەمانا زانستییەکەی خۆی لەکوردستان هەیەو گەشەی سەندووە وەک سەدەی 19و20 ی ئەوروپاو ئەمریکاو وڵاتانی خاوەن پیشەسازی. دووەم ئایا ڕژێمێکی سەرمایەداری پێشکەوتوو لەکوردستان بوونی هەیە بەجۆرێک کەکرێکار بچەوسێنێتەوەو مافەکانیان پێشێل بکات. سێیەم ئایا رژێمێکی فوئداڵی دەرەبەگایەتی لەکوردستان هەیە تاجوتیاران ازەحمەت کێشان وکرێکارە کشتوکاڵیەکان بچەوسێنێتەوە. چوارەم ئایا پیشەسازی کوردستان پیشەسازییەکی ئەوەندە فراوان وگەشەکردوو وپێشکەوتووە تاکو کرێکاران لەژێر سایەی ئەوپێشەسزیە پێشکەوتووەدا ولەلایە سەرمایەدارەکانەوە بچەوسێنەوە. من دڵنیام کەگشت ئەم پرسیارانە بەنەخێر وەڵام ئەبێت بدەیتەوە ئەگەر خۆت لەڕاستیە خۆر ئاساکان هەڵنەکەیت، ئیتر جگە لەچەواشەکاری وبەرژەوەندی ئایدیاکەو خەیاڵ پڵاوێک ئەم نوسینانە چی خێرێک بەچینی کرێکاری نەبووی کوردستان ئەگەیەنێت؟؟. وەڵامی ئەوەیان بۆخۆت بۆ خوێنەران بەجێدە هێڵم!.

کاک حمەسەعید جەنابت باسی گرێ بەستی نێوان لایەناسیۆنالەستەکان واتە لایەنە کوردیەکان وباقی پێک هاتەکانی ئێراق ئەکەیت بەعسیاکانیشت فرێداوەتە ناو ئەو گرێبەستەوە، لەکاتێکدا کەس بەقەد لایەنەکوردیەکان دژایەتی بەعسیەکانی نەکردووەو دژی بەعس نەبووەو نییە. پرسیارەکانیشم ئەمانەن، یەکەم ئایا ئەگەر لایەنە کوردیەکان نوێنەروپارێزەری کۆنەپەرستی وچینی سەرمایەو بەرژەوەندیەکانی ئەنگلۆ-ئەمریکی بن ئەی ئەوانە کێن؟؟لەکوردستان نوێنەری ڕاستەقینە گەلی کوردستانن؟؟جەنابت خۆئەبێت بۆخوێنەرانی ڕوون بکەیتەوە. دووەم ئەگەر سادەترین ماف لەلای لایەنە کوردیەکان قابیلی قبوڵ نەبێت جەنابت ئەتەوێت لەچینی میلی وکۆریای باکورو یەکێتی سۆڤیەتی جاران وکوباو کاسترۆو چاشیسکۆو میلۆسۆڤیچەوە کورد فێری دیموکراتی بکەیت؟؟!!. برام ئەم دروشمانەی تۆ چەند دروشمێکی سواوی کۆنی کۆمەنیستین کەزیاتر لە70 ساڵە بۆ گەلی ماف خوراوی کورد لێئەدرێتەوە بەبێ ئەوەی خێری پولێکی قەڵبیان تاکوئێستا بۆکورد هەبووبێت، نەک هەر خێریان بۆکورد نەبوو بەڵکو خۆیان وئەودروشمە کۆنانەی کەئێستا جەنابتان بۆمان گەرم ئەکەیتەوە لەدوای سەدەیەک بەنامرادی وناکامی وبەبێ هیچ دەستکەوتێک وخێری نانێک بۆچەوساوان وزەحمەت کێشانی کوردستان چین لەدوای چین پوکانەوەو چونەدنیای نامرادی وناکامی. واتازە جەنابیشت ئەتەوێت لەسەر هەمان قەوانە کۆنە ڕێگای ئەوان بگریتەوە وبەخەیاڵ کۆسپ بخەیتە بەردەمی مافەنەتەوایەتیەکانی کوردوخەڵکی سادە وکەم ئەزموونی پێچەواشەبکەیت.

لەلایەکیترکاک حمەسەعید ئەڵێت. ئەوانەی قبوڵی دەستوریان کردووەو (بەدەسکەوتێکی مێژویی) بەکۆمەڵگای ئەفرۆشن خۆیان چاک ئەو ڕاستیەدەزانن کەئەم دەستورە98% ی خەڵکی کوردستان قبوڵیان نیە (دانپێنانی خودی مەسعود بارزانی) وئەم دەستورە (خواستی

خەڵکی کوردستان نیە) . من نازانم درۆی وازەق ئەبێت کەسێکیش خۆی بەنوسەر بزانێت بیکات؟؟!ئەبێت لەکاکە حەمەسەعید بپرسین ئەوریژەی 98% لەکوێ هێناوە کەبە نارازی دەنگیان دا بەدەستوری هەمیشەی ئێراق، لەکوردستاندا جگە لەبەرێزتان وکۆمەڵێک ئیسلامی توند رەوو گۆشکراوی حوجرەی داگیرکەران وکۆمەڵێکی کەم کۆنەبەعسی کەهەر هەمووتان ناچنە هەزاریەکی خەڵکی کوردستان ئیتر کامەیە ئەو 98% لەسەدەی خەڵکی کوردستان کەدەنگیان نەداوە بەدەستور. بۆئەمەشیان باخوێنەران سەرپشکبن لەم بێباج نوسینەی کاک حمە سەعید.

لەبەشێکیتری نوسینەکەتدا ئەڵێی. بەلاَم بەهێنانەوەی هەندێ برِ و بیانوی عەوام فریوی ساویلکانەو پرِ وپوچ خەڵکی پێلەخشتە دەبەن و خۆڵ دەکەنەچاوی خەڵک تا راستیەکان بەچاوی واقیع نەبینن.

خوێنەرانی خۆشەویست ئەم برادەرە لەوەئەچێت لەگوێی گادا نوستبێت بۆیە من وەلاَمی ئەم وراوانەی سەرەوە رووڵەئێوەی بەرێز ئەکەم وئەم چەند سەرنجەتا بۆروون ئەکەمەوە، ئایا لایەنە شۆرشگێرەکانی کوردستان ونوێنەرانی راستەقینەی کوردستان؟؟خەڵکی کوردستان فری وئەدەن یان ئەم کەسە لاوازو دوای کلاَوی رەشەبا بردوو کەوتوانە. ئایا لایەنە شۆرشگێرەکان خەڵکی عەوام فری وئەدەن یان ئەو لایەنۆکانەی کە مەنجەڵێک شۆربا بەشی قیادەو قەواعیدیان ئەکات. ئایا وتەی پروپوچ لای سەرکردایەتی کوردە یان لای ئەوانەیە کەبەختی خۆیان ون کردووەو وەک سەر ئاوکەوتوو دەست بۆپووش ئەبەن.

لەلایەکیتر جەنابت وتەکەی کاک مەسعود ئەگۆڕیت ئاخر کوا کاک مەسعود ئەڵێ ئەم دەستوورە خواستی میللەتی کورد نیە بەڵکوئەو وتی (هەرچەندئەم دەستورە هەموخوا ستەکانی ئێمەی نەهێناوەتەدی بەلاَم شتی زۆرباشیشی بۆکورد تێدایەو لەم قۆناخەدا هەر ئەوەندە ئەکرێت دەنا کورد هەقی لەسەر بەخۆیی زیاتری هەیە)

لە لایەکیتر ئەبێت ئەوە بڵێم لایەنە کوردیە شۆرشگێرەکان لەنێوان چەند کەسی وەکو مەلاگوانی وکۆمەنیستەکاندا گیریان خوار دووە. مەلاگوانی ئەڵێت ئەبێت جگەلەوە لەدەستوری ئێراقدا ئەبێت سەرجەم یاساکان لەبەر رووناکی ئاینی ئیسلامدا بێت ئەبێت دەستووری ئایندەی کوردستانیش هەر بەهەمان شێوە گشت یاساو دەستورێک لەبەر رووناکی ئاینی ئیسلامدا بێت، بەکورتی دەوڵەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی تالیبان دامەزرێنین بۆمامۆستا گوانی. کۆمەنیستەکانیش ئەڵێن کە ئەبێت لایەنەکوردیەکان ئاینی ئیسلام بپێچنەوەو لەناوی بەرنوهەمولایەنە کوردیەکان برژەواو کۆنەپرستن ئەبێت مەیدان بەجێبێڵن بۆکۆمەنیستەکان. جاوەرە ئەبێت کورد گوێ لەکام لاتان بگرێت؟؟. کەبەدڵنیاییەوە گوێ لەهیچ لایەکتان ناگیرێت چونکە داوای هیچ لایەکتان جگەلەوە رەوا نیە هەر دولای داواکانتان کاتیان بەسەر چووە!!.

لەبەشێکیتری نوسینە سرکەرەکەتدا ئەڵێیت. ئەوە ئیمەین کە (نا) بەدەستورێک دەدەین کەدارێژەرانی عەمامە بەسەرەکانی قوم بن و فواد مەعسومێکی بەناو نمایندەی کورد سەری رەزامەندیان بۆ بلەقێنێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی.

ئەبێت بۆوەلاَمی ئەمەش پێت بڵێم ئەودەستورە عەمامە بەسەری قوم داینەرشتووە بەڵکونوێنەرانی ئێراق بەگشت گەلو نەتەوەو ئاینەوە دایان رشتووە. وە دکتۆر فواد مەعسومی پێشمەرگەو یاساناس و دپلوماتکارو سیاستوان ورۆشنبیرو خەباتگێر ئەگەر کورد نەبوایە پەیکەری لەزێر بۆدروست ئەکرا کەچی جەنابت ئاوا بەبێ باج بەوئوسلوبەی خۆت رێزی ئەگریت، ئەگەر ئێوە نوێنەری کورد بن قوربەسەر کورد!!.

بەڕاستی وتەی بێماناو لێکدانەوەی دوور لەڕاستی زۆرت هەڵڕشتووە کە مرۆ تاقەتی نەک وەڵامدانەوە تاقەتی خوێندنەوەشیانی نیە.

لەکۆتاییدا ئەڵێم خۆزگە تۆش لەبەر سیاسەتی رووتی ئێکسپایەر بوو هەموومەسەلەکانت ئاوەژۆنەکردایە لەکەسانی سادەو نەخوێندەوارو هەژاری کوردستان وڕاستیەکانت وەک خۆی بنوسیایە لەباتی درۆ وبوختانی ناڕەوا لەپاڵ کۆمەڵێک ڕەخنەی دروستکەرانەی بەجێدا باسی ئەوگشت پێشکەوتنەی کوردو ئەوگشت کەرتە خزمەتگوزاریانەشت بکردایە کەلەکوردستان بیناکراون وبەردەوامیشن لەبینا کردنی خزمەتگوزاری. .

جمال فتاح
2005/10/18
لەندەن